عێراق پێرۆشی بە پتەوکردنی ئاشتی و ئاسایش لە ڕێگەی هاریکاری لەگەڵ هەموو دەستان دووپاتدەکاتەوە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ پێنجشەممە لەگەڵ سەرۆک کۆماری چیک بەڕێز پیتەر پاڤل کۆبووەوە، لەچوارچێوەی سەردانە فەرمییەکەیدا بە پراگی پایتەختی چیک.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

لەکۆبوونەوەکەدا تاوتوێی بەهێزکردنی هاوکاری و هاوبەشی لەبواری جیاجیاکاندا کرا لەگەڵ چێنیتی کارکردن بە پەرەپێدانی پێوەندییە دووقۆییەکان، بەشێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەردوو وڵاتی دەست بکات، و بەڕێز سودانی جەختی لەوە کردەوە کە سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا وایکردووە عێراق پلانی گەشەپێدانی حکومەت جێبەجێ بکات و بەردەوام بێت لە کردنەوەی هاوبەشی هاوکاری بەرهەمدار لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپی دەستدا.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئاماژەی بەوەدا کە عێراق خاوەنی سامانی سروشتی و مرۆیی و هەڵکەوتەیەکی جوگرافییە، ئەمەش شایستەی دەکات هاوبەشی گەورە لەگەڵ وڵاتانی پیشەسازی و بازرگانیدا دروست بکات، لەنێویاندا کۆماری چیک، و خواستی حکومەتی دەربڕی بە ئەوەی کەمپانیا چیکییەکان لە عێراق کاربکەن.

سودانی جەختی لە بایەخی عەراق کردەوە بە بەرەوپێشبردنی ئاشتی و سەپاندنی ئاسایش لە ڕۆگەی هاوکارییەوە لەگەڵ هەموو برا و دەستکاندا، و جەختی لەوە کردەوە کە سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕێنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر ئاسایشی گشتی نەودەوڵەتی دەبێت.

لە لای خۆیەوە سەرۆک کۆماری چیک جەختی لەسەر گرنگی سەردانەکەی سودانی بە پراگ کردەوە، وەک خاڵی دەستپێک بە پەرەپێدانی پێوەندییەکان و زەمینە خۆشکردن بە هاوبەشی جددی وەسفی کرد، و پێویستی ئاوگەڵی سەردانی دووقۆڵی بە پەرەپێدانی هاوکارییەکان و ئاماژەی بە ڕۆڵی بنەڕەتی و تەوەرەیی عەراق کرد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و پێویستی هەماهەنگی لەگەڵیدا بە سەپاندنی ئاسایش و سەقامگیری و کۆتاییهێنان بە ململانێکان.